
# کەرت - نیوەبەش

ئەگەر سێوێک بکەین بە دوو بەشی یەکسانەوە، ئەوا دوو نیوە سێومان دەستدەکەوێت.



*Bilde: Adobe Stock, Tim UR*




*Bilde: Adobe Stock, Tim UR*

ئەگەر دوو نیوە سێو بنێین بەیەکەوە ئەوا سێوێکی تەواومان دەستدەکەوێت.

# یەک لەسەر دوو، یەکسانە بە نیوە.

بازنەکە کراوە بە دوو نیوەبەشی یەکسانەوە. یەک لەسەر دوو بەم شێوەیە $\frac{1}{2}$.


یەک لەسەر دوو واتە نیوە.





$$\frac{1}{2} + \frac{1}{2} = 1$$

# ئەرک و ڕاهێنان


١. بازنەیەک بە دەوری ئەو گرووپەدا بکێشە کە ئەستێرە زەردەکان تیایاندا نیوەن ( $\frac{1}{2}$ )



٢. بازنەیەک بە دەوری ئەو گرووپەدا بکێشە کە ئەستێرە سوورەکان تیایاندا نیوەن ( $\frac{1}{2}$ )




٣. نیوەی هەر یەکێک لەم فیگەرانە ڕەنگ بکە.




٤. بازنەیەک بە دەوری ئەو فیگەرەدا بکێشە کە لەگەڵ نیوەدا ( $\frac{1}{2}$ )


گونجاوە.



٥. فیگەرەکان بکە بە دووبەشی یەکسانەوە و نیوەبەشی هەر فیگەرێک ڕەنگ بکە.




*Illustrasjon: Adobe Stock, Larysa*




*Illustrasjon: Adobe Stock, gmagakis*

کەرتێک لە سێ بەش پێکهاتووە: سەربەش (سەرکەرت)، هێڵی کەرت و ژێربەش (ژێرکەرت).




کەرتێک بریتییە لە بەشی شتێک.

بەشێک لە پیتزایەک




*Illustrasjon: Adobe Stock, Roi and Roi*

گەورەیی بەشەکە بە پێی ژمارەی سەربەش و ژێربەشەکە دەبێت.


ژێربەشەکە پیشانی دەدات کە چەند بەشت هەیە، یان چەند بەش جێگەیان هەیە. ئەگەر پیتزایەک بکەیت بە هەشت بەشی وەک یەک یەکسانەوە، ئەوا ژێر بەشەکە دەبێتە هەشت. ئەگەر پارچەیەک لەو پیتزایە بخۆیت، مانای وایە $\frac{1}{8}$ی پیتزاکەت خواردووە. سەربەشەکە ئەوە پیشان دەدات کە خاوەنی چەندیت. لێرەدا پیتزایەکە $\frac{8}{8}$ ە،کەیەکسانە بە هەموو پیتزاکە.

٦. ئەگەر سێ پارچە لەم پیتزایە بخۆیت کەرتەکە دەبێتە چی؟




*Illustrasjon: Adobe Stock, Roi and Roi*

٧. کەرتەکانی ئەو شەش شووتییە بنووسە.



*Illustrasjon: Adobe Stock, jantima*

٨. تێکستێکی ماتماتیکی یاخود ڕاهێنانێکی هەژماری بۆ دووان لەم وێنانەی خوارەوە دروست بکە.



*Illustrasjon: Adobe Stock, blueringmedia*